# تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە لەڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا

پ. د. نەجم ئەڵوەنی
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

(٢- ٢)

لـەم ڕۆمانـەدا هەندێک ڕووداو لـە ڕێـی تەکنیکـی پێشـخەرییەوە دووپـات کراونەتـەوە. پێشـخەری بێجگـە لـەوەی کـە ڕووداوێـک پێـش وەختـی خـۆی دەگێڕێتـەوە، لەهەمـان کاتـدا ((ئەرکێکـی دیکـەش لـە سیسـتمی ڕووداودا دەگێڕێـت کـە ئەویـش بریتییـە لـە دروسـتکردنی حاڵەتـی چاوەڕوانـی لای خوێنەر...)) (المرزوقي، سـمير وجميـل شـاكر: ١٩٨٦، ص٨٠)، ئـەم حاڵەتـەش لـەم نموونـەدا ڕوون دەبێتـەوە، مچـە لـە ناخـی خۆیدا دەڵێـت:

جارێکیـان مامۆسـتا بەکـر لـە قوتابییەکانـی دێـی پرسـی:

((- حەز دەکەن لەداوڕۆژدا ببن بەچی؟

هەر هەموو قوتابییەکان بەیەک دەنگ وتمان:

- پێشمەرگە)) (موکری، محەمەد: ٢٠٠٥، ل٣١).

ئـەم پێشـخەرییە لەلاپـەڕە (١٥٠)ی ڕۆمانەکـەدا بـەدی دێت و مچـە بـەم شـێوەیە لەناخـی خۆیدا باسـی دەکاتەوە:

((ئـەو سـاڵە گەلێ لـە قوتابیانی قوتابخانەکەی دێیەکـەی خۆمانـم بینـی، هەمـوو گـەورە ببـوون، دابـەش ببوونـە سـەر مەفـرەزە و تیپـەکان، لـە ناوچەکانـی دیـدا پێشـمەرگە بـوون...)).

ئـەم ڕووداوە لـەدوو زەمەنـی جیـاوازدا ڕووی داوە، یەکێکیـان زەمەنـی ڕابـوردووە و دووەمیـان زەمەنـی ئێسـتای گێڕانەوەیـە، هەروەهـا لـە ڕووی شوێنیشـەوە، لـەدوو شـوێنی جیاوازدا ڕووی داوە، ئەمــەش یەکێکــە لــە خاســیەتە گرنگەکانــی ئــەو دووپاتکردنەوەیــە. ئــەم تەکنیکــە ئــەوە دەخوازێـت ڕووداوە دووبارەبووەکـە لـە هـەردوو حاڵەتـدا تـەواو لەیـەک نەچـن.

باوکـی مچـە وەک خۆی باسـی دەکات، کەسێکی زۆر تـووڕە و مـۆن بـووە و لـە زۆر شـوێنی ئـەم ڕۆمانــەدا باســی ئــەو تووڕەبوونــە دووبــارە بووەتـەوە. بـۆ نموونـە مچـە لەناخـی خۆیـدا دەڵێـت: ((باوکـم هەمیشـە مـۆن بـوو، هـەر لـە هیچـە تـووڕە دەبـوو، دەنگـی بەرزدەکردەوە، نەک تەنهـا لەگـەڵ منـدا- کـە زۆر ئەزیەتـی دەدام و حــەزی نەدەکــرد بمبینــێ، بەڵکــوو لەگــەڵ زڕ براکانــم و هەمــوو خەڵکــی دێیەکەشــمان وابـوو...))، (سـەرچاوەی پێشـوو: ل١٠). ئـەم تووڕەبوونـە سـیفەتێکی ناسـراوی حاجـی محێدیـن

بووە و بەشێک لە کەسایەتی ئەو کارەکتەرە بووە، بەڵام تووڕەبوونی نائاسایی حاجی محێدین پێوەندی بە هەواڵێکی سیاسییەوە هەیە، کە ئەویش هەواڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولە، کە مچەی کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە لەلاپەڕە (٣٣)دا، بەم شێوەیە لە ناخی خۆیدا باسی دەکاتەوە: ((چ جارێ باوکم وا بەتوڕەییەوە نەبینی بوو، سەرتاپا لەشی دەلەرزی، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، ڕوخساری هەند گرژبۆوە، خەریک بوو برۆکانی بەیەک دەگەیشتن، ئەو ڕۆژە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، لە پەنجەرەی قوتابخانەکەوە چاوم پێوە بوو، بە دەنگی بەرز لەنێو خەڵکەکەدا قسەی دەکرد:

- نابێ... چۆن شتی وا دەبێ؟))

لە حاڵەتی یەکەمی تووڕەبوونەکەی حاجیدا تەنیا باسی دەنگ بەرزبوونەوە کراوە و ئاماژەش بەوە دراوە کە لە هیچە حاجی تووڕە دەبوو، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا وەسفی سوور هەڵگەڕان و گرژبوونی ڕوخسار و بەیەک گەیشتنی برۆ کراوە، هەروەها ئاماژەش بەوە دراوە کە ئەم جارە تووڕەبوونەکە لەڕادەبەدەرە و پێوەندی بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە هەیە، کەواتە شێوەکانی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە لە ڕووی وەسف و مەبەستەوە، دەقاودەق لەیەک ناچن، ئەگەرچی هەردوو حاڵەتەکە پێوەندییان بەیەک دیاردەوە هەیە کە ئەویش تووڕەبوونی حاجییە.

ئەگەرچی ئەم جۆرەی دووپاتکردنەوە، لە دووپاتکردنەوەی تاک تا ڕادەیەک زیاتر لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هێشتا لە دووپاتکردنەوەی دووبارەکراو و هاوچەشن گەلەک کەمتر لە دەقەکەدا بەکارهاتووە و لەم لاپەڕانەشدا نموونەی دیکەی دەبینرێت:



**محەمەد موکری**

(١٠، ١٩، ٣٠، ٣٣، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٧، ٦٣، ٦٨، ٨١، ١٠٦)و...تاد.

**ج/ دووپاتکردنەوەی دووبارەکراوە**

ئەم جۆرە دووپاتکردنەوەیە لە ڕۆمانی نوێدا زۆر بەکارهاتووە و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زەمەنی مێژوویی ڕووداوەکان زۆر لە زەمەنی گێڕانەوە کورتترە. هەمان ئەم دیاردەیەش لە ڕۆمانی (تۆڵە)دا بە ئاشکرا دیارە، چونکە ڕۆماننووس بۆ درێژەپێدانی گێڕانەوە و زەمەنی خوێندنەوە، بە فلاشباک (پاشخەری) بۆ گەلێک ڕووداوی جۆراوجۆر گەڕاوەتەوە و زۆربەی ئەو فلاشباکانەش بریتین لە گەڕانەوە بۆ زەمەنێک کە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنی دەستپێکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە. بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە لە ڕێی دووپاتکردنەوەوە خراونەتە نێو تەونی دەقەکەوە، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕاگرتنی

زەمەنـی ڕووداوەکان لەشـوێنی خۆیانـدا گێـڕاوە، چونکـە ((هەرجارێـک گێڕانـەوەی (ڕووداو) دووبـارە ببێتـەوە، زەمەنیـش دووبـارە دەبێتـەوە... لەبـەر ئـەوە هۆشـەکاریمان (موبالەغەمـان) نەکـردووە کـە بڵێیـن دووپاتکردنـەوەی دووبارەکـراو بناغەیەکـی سـەرەکییە لـە بناغەکانـی دووپاتکردنـەوەی زەمـەن لـە ڕۆمانـی شـەپۆلی هۆشـدا)) (مبروک، مـراد عبدالرحمـن: ١٩٩٨، ص١٣٢).

دووپاتکردنـەوەی دووبارەکـراوە بریتییـە لـە ((چەنـد جـار گێڕانـەوەی ئـەوەی یەکجـار ڕووی داوە. ئـەم جۆرەیـان پێـی دەگوترێـت گێڕانـەوە، یـان دەقـی دووبارەکـراوە. لـەم جـۆرەدا، ڕووداو زیاتـر لەجارێـک دەگێڕدرێتـەوە، بەگۆڕینـی گێـڕەوە بەگێڕەوەیەکـی دیکـە، یـان گۆڕینـی کارەکتـەر بەکارەکتەرێکـی دیکە)) (العانـي، شـجاع مسـلم: ١٩٩٤، ص٦).

لـە ڕۆمانـی تۆڵـەدا دەیـان نموونـەی تەکنیکـی دووپاتکـراوی دووبارەکـراوە بەکارهاتـووە، هەندێکیـان پێوەندییـان بەدووپاتکردنـەوەی نـاو و هەندێکیـان تایبەتـە بـە دووپاتکردنـەوەی کـردار و هەندێکـی تریـان تەنیـا یـەک سـیفەت دووبـارە و سـێ بـارە دەکەنـەوە. لـە زۆربەشـیاندا (کارەکتـەر، گۆشـەنیگا) دەگۆڕێـن و هەندێکیـان زەمەنـی ڕابـوردوو بـە ئێسـتاوە دەبەسـتن، بـۆ ئـەوەی بـەراورد لەنێـو دۆخەکانـی یـەک حاڵەتـدا بکـەن و هەندێکـی تریشـیان سـەرەتای ڕۆمـان بـە کۆتایـی ڕۆمانەکـەوە گـرێ دەدەن و سـیفەتێکی بازنەیـی بـە گێرانەوەکـەی دەبەخشـن. بـۆ نموونـە مچـە لەلاپـەڕە هەشـتی ڕۆمانەکـە لەناخـی خۆیـدا دەڵێـت: ((خـۆ ئەگـەر کەسـەکە ڕوو وەرچەرخێنـێ و بەدیـوی لای منـدا بڕوانـێ، ئـەوا لەدامێـن و لەنێـو هەنـدێ داری زل و شاشـدا دەیـان مـرۆڤ دەبینـێ، بەسـەد مەتـرێ لـەژوورەوەی ئەوانیشـەوە (مـن) دەبینـێ، لەپاینـی گابەردێکـدا ڕووە و جیـا دانیشـتووم... دەشـێ کەسـەکە بپرسـێ (ئـەرێ بـۆ ئـەو تاقـە نەفـەرە لـەو دە پانـزە کەسـە جیـا بووەتـەوە و بەتەنهـا دانیشـتووە؟) ئەڵبەتـە ئـەو نازانـێ بـۆ؟ بـەڵام مـن باسـی دەکـەم، بـۆ دوورە پەرێـز دانیشـتووم- پـێش ئـەوەی بێمـە سەرباسـەکە دەپرسـم:

- ئـەرێ دەشـێ، مـرۆ کەڵکـی ئـەوەی هەبـێ لەیـەک کات و شـوێندا، سـەرکەوتنێکی گەلـێ مـەزن و کۆسـتێکی سـەخت گەمارۆیـان دابـێ و بتوانـێ تەحەمـول بـکات؟!

پێویسـتم بـە چ وەڵامێـک نییـە. پێشـەکی دەڵێـم (ئـا) چونکـە مـرۆ لەسـەرکەوتنی مـەزن مەزنتـرە و خـۆی خاوەنێتـێ (کۆسـتیش هەرچەنـدە ئەسـتوور و سـەخت بـێ، تینـی هیـوای ژیانویستی ڕایدەماڵـێ..)، ئێسـتاش- ئـەوە- منـم لەنێوانـی ئـەو دوو دژەدا نیمچـە حەپەسـاوم)) (موکری، محەمـەد: ٢٠٠٥، ل٨).

لێـرەدا مچە لـە ناخـی خۆیدا باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن بـە حەپەسـاوی و کۆسـتکەوتوویی لـە پەنـای گابەردێکـدا دانیشـتووە و لەنێـوان چێـژی سـەرکەوتن بەسـەر دوژمـن و خەمـی شـەهیدبوونی مەحمـوودی برایـدا دۆش دامـاوە. هـەر لـەم دانشـتنەدا بـە شـەپۆلی هـۆش ئێمـەی خوێنـەر بـەرەو تـەواوی ڕووداوەکانـی ئـەم ڕۆمانـە دەگێڕێتـەوە تـا دەگاتـە دواسـاتەکانی شـەهیدبوونی مەحـوودی بـرای کـە دوا ڕووداو و خاڵـی کۆتایـی ڕۆمانەکەیـە.

پاشـان مچەی کارەکتەر و سـەنتەری گۆشـەنیگای گێـڕەوە، جارێکـی دیکـە دێتـەوە سـەر باسـکردنی ئـەم حاڵەتـەی خـۆی و دەڵێـت: ((مـن (ئێسـتا) لەپەنـای ئـەم گابەردەیـا دانیشـتووم، چـاوم بڕیوەتـە چیـا سـەخت و ڕووتەکـەی بەرانبـەرم، دەروونـم دەکوڵـێ، چ هەسـت بـە جووڵـەی ئـەو هاوڕێیانـەی دەوروبـەرم ناکـەم- کـە خۆیـان لەبـەر

من- دوورگرتووە، نایانەوێ ئەم تەنهاییەم لێ بشێوێنن... (ئێستا) کە بەچاوی دڵ سەیری ئەم کۆستە دەکەم وادەزانم من هەر بۆ کۆست لەدایک بووم...)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١٠ - ١١).

لەم بڕگەدا بەهەمان شێوە باسی شوێنی دانیشتنی خۆی کردووە و جەختی لەسەر کۆستکەوتوویی خۆی کردووەتەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرکەوتنەکە بکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە هاوڕێیەکانی لەبەر دڵی ئەو نایانەوێ ئەم تەنهاییەی لێ بشێوێنن. دوای ئەوە جارێکی تر دێتەوە سەر باسکردنەوەی هەمان ڕووداو و ئاماژە بە هەمان جێ و حەپەسانی خۆی لە نێوان سەرکەوتن و کۆستکەوتندا دەکاتەوە و لە ناخی خۆیدا دەڵێ: ((ئایا ئینسان... ئینسانی ئەم سەدەیە... لەم ڕۆژهەڵاتە، دەتوانێ بەرگەی سەرکەوتنێکی مەزن و پشتشکانێکی مەزنتر بگرێ، بتوانێ باوەڕیش بەخۆی بێنێ کە (هەیە) و دەتوانێ بەردەوامی بەژیانی بدات؟.. ئەمە من و جێیەکەم و چیا سەخت و ڕووتەکەی بەرانبەرم و ئاگرستانەکەی ئەو دیوی، ئەو دیوەی کە بەشێکی تەواوی تەمەنی هەرەخۆشی و منداڵی و هەرزەکاریمی هەڵمژی بوو، لەنێو ترس و حەپەسان و دوکەڵدا، فێری پشت بەخۆ بەستنی کردم...)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١٥٠).

لەم بڕگەدا کە دەکەوێتە کۆتایی ڕۆمانەکە، هەمان ڕووداو دووبارە بووەتەوە کە لە سەرەتای ڕۆمانەکە لەلاپەڕە (٨)دا ئاماژەی پێ کراوە. جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ناوی ڕۆژهەڵات، وشەی پشتشکان، باسی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری مچە هاتووەتە ناو یەکەکانی ڕووداوەکەوە. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ ئەم ڕووداوە کە یەکجار ڕووی داوە، چەندان جار دووبارە بووەتەوە، دووبارەبوونەوەکەش بەسەر سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکەدا دابەش بووە. ئەگەر لە ڕوانگەی پرۆسەی گێڕانەوەوە تەماشای ئەم جۆرە دووپاتکردنەوەی ئەو ڕووداوە بکەین دەبینین ئەم ڕۆمانە لەکۆتاییەوە دەست پێ دەکات و بەرەوتێکی داشکاو بەرەو سەرەتا گەڕاوەتەوە، بۆ ئەمەش سوود لە تەکنیکی شەپۆلی هۆش و زەینی کارەکتەری سەرەکی وەرگیراوە.

دیاردەی گرتن و کوشتن و زیندانیکردن و سووتاندنی گوندی کوردان بەپێی ئەم ڕۆمانە ((تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کوردن)) ئەم دەستەواژەیە چەند جارێک دووپاتکراوەتەوە و هەرجارێک لە ڕێی کارەکتەرێکەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە. بۆ نموونە کاتێ هەرزەکارەکانی دێ لە حاجی دەپرسن:

((- ئەرێ حاجی بۆ وایان لێ دەکرێن؟

- باشە چەند جارم پێ گوتن، چونکە کوردین، کورد!)) (سەرچاوەی پێشوو: ل٢٢).

ئەم گفتوگۆیە بۆ سەردەمی حەرەس قەومییەکان دەگەڕێتەوە. ئەوانە هاتوون و هەندێک کەسیان لەخەڵکی دێ کوشتووە و ماڵ و سامانێکی زۆریان بەتاڵان بردووە و گوندەکەشیان سووتاندووە، پاشان ئەوەی ماوەتەوە لەگەڵ زەویدا تەختیان کردووە. باسی ئەو هێرش و ستەمکاری و تاڵانکاری و گوند ڕووخان و سووتاندنەش هەر لە زەینی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە گێڕەوە وەری گرتووە و خستوونیەتییە ناو گێڕانەوەکەوە.

کاتێ مچە پرسیار لە باوکی دەکات سەبارەت بەوەی کە بۆچی حکومەت گوندەکانی کوردستان

وێران دەكات و باخ و باخات و دار و درەختیش دەسووتێنێت، لە وەڵامدا باوكی دەڵێت: ((ئەی چەند جار پێم وتن لەبەر ئەوەی كوردین!)) (سەرچاوەی پێشوو: ل٤٦). مچە ئەم وەڵامەی باوكی لە ناخی خۆیدا دووبارە باس كردووەتەوە.

لەلاپەڕە (١٠٤)ی ڕۆمانەكەدا مچە لە ناخی خۆیدا هەمان دەستەواژە دووپات دەكاتەوە كاتێك كە باسی بارودۆخی ناو شار لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس، پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول دەكات و دەڵێت:

((شارەكان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوون، ئیعدام كردن لەبرەودا بوو، بەندیخانەكان ئاوەدانتر ببوونەوە، میری، گەورە و بچووكی نەدەزانی پیرەمێرد گەر لەژێر تەعزییدا نەكوژرابا ئەوا ئیعدام دەكرا، مناڵ، ئافرەت، ئەوی دەستی كەوتبا، تاوانی سەرەكییان ئەوەبوو كە كوردبوون و هیچی تر...)).

لەلاپەڕە (١٥٤)دا، (جوان)ی دەزگیرانی مەحموود جەخت لەسەر هەمان دەستەواژە دەكاتەوە كە دەڵێت: ((ئەوسا من دە ساڵان بووم، نەمدەزانی بۆ وامان لێ دەكەن، هەر ئەوەندەم دەبیست... لەبەر ئەوەی كوردین، بۆیە وامان لێ دەكەن)).

ئەم دەستەواژەیە، چەند جارێك دووپاتكراوەتەوە، جاری یەكەم و دووەم لەلایەن (حاجی محێدین)ی باوكی مچەوە، كە جارێك بۆ هەرزەكارانی دێ و جارێكیش بۆ مچەی كوڕی دووبارەی كردووەتەوە. جاری سێیەم لەلایەن مچەوە دووپاتكراوەتەوە و باسی خراپی وەزعی كوردان دەكات لەناو شاردا، بە تایبەتی پاش نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول. جاری چوارەمیش لەلایەن (جوان)ی دەزگیرانی مەحموودەوە دووپاتكراوەتەوە، هەروەها جاری یەكەم و دووەم و چوارەم پێوەندییان بەسووتانی گوندەوە هەیە، كەچی جاری سێیەم پێوەندی بە خەڵكی ناو شارەوە هەیە و باسی چۆنێتی گرتن و كوشتن و ئەشكەنجەدانی خەڵكی شارەكانی كوردستان دەكات. بە چەند بارەكردنەوەی ئەو دەستەواژەیە، ڕۆماننووس دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێت كە گۆڕینی دەسەڵات هیچ سوودێكی بۆ كورد نەبووەو لەسایەی دەسەڵاتە جیاوازەكان و لە زەمەن و شوێنە جیاوازەكاندا، كورد هەر ستەمی لێ كراوە بێ ئەوەی بێجگە لە كوردبوون، هیچ تاوانێكی دیكەیان هەبووبێت.

بەگوێرەی ئەوەی كە باسمان كرد، بۆمان دەردەكەوێت كە دووپاتكردنەوەی یەك ڕووداو، یان یەك دەستەواژە، یان یەك دیمەن، پشت بە هاوچەشنی تەواوی نێوان ژمارەی دووپاتكردنەوەكە نابەستێ، بەڵكوو دەبێت پشت بە جیاوازی نێوانیان ببەستێت، وەك گۆڕینی كارەكتەر، زمان، شوێن، بێ ئەوەی گۆڕان لە چەمكی سەرەكی ڕووداوەكەدا ڕووبدات.

ڕووداوی دەركردنی مچە و فڕێدانی لە كەلاوەیەكی گونددا، كاریگەرییەكی دەروونیی سەخت لەسەر كەسایەتی ئەم كارەكتەرە بەجێ دەهێڵێت و ئەم كاریگەرییە لە سەرەتاوە تا كۆتایی ڕۆمانەكە بەردەوام دەبێ و لە گەلێك شوێن و كاتی جیاوازدا، مچە لە ناخی خۆیدا باسی دەكاتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٩)دا مچە دەڵێ:

((من خەڵكی ئەو دێیەم، ناوم مستەفایە و زۆر جاریش پێم دەڵێن (مچە).. باوكم یەكێ بوو لەو جووتیارانەی ساڵی یەك دوو جار هاتوچۆی شاری دەكرد.. دایكم نەمابوو، باوەژنم هەبوو.. من لە ماڵی باوكم دەركرابووم، لە ماڵی (حەمە)ی خاڵۆمدا ژیانم دەگوزەراند..)).

لەلاپەڕە (١١- ١٢)دا، مچە لە ناخی خۆیدا

باسی ئەوە دەکاتەوە کە تەنیا خاڵۆ حەمەی دەیتوانی لەناو گونددا، لە ڕووی باوکی بوەستێ و بڵێت:

((قوربان.. تۆ زیارەتی ماڵی خوات کردووە، بەناو (حاجیت) هەی تانجی! گەر تۆزقاڵێ غیرەتت هەبا، سەبرت دەکرد چلەی ژنەکەت بچێ، ئەوجا ژنێکی دیت دەهێنا.. گەر زەڕەکیش ڕەحمت هەبا، لەبەر ژن مناڵێکی سێ چوار مانگت دەرنەدەکرد!!)).

لەلاپەڕە (١٢)دا، مچە لەسەر زاری خەڵکی دێ چۆنێتی فڕێدان و دیتنەوە و بردنی بۆ ماڵی خاڵۆ حەمە لە ناخی خۆیدا باس دەکاتەوە و دەڵێت:

((وەک دەشگێڕنەوە- ئۆباڵەکەیشی بە ئەستۆی ئەوان- پاش ئەوەی نەنکم دەمرێ ڕۆژێ، یان دوان بە برسێتی دەمێنمەوە، گریانە بێ ئامانەکەم دەورووبەر هەراسان دەکات، گوایە حاجی باوکم و باوەژنەکەم فڕێم دەدەنە کەلاوەیەکی تەنیشتی ماڵەکەمان -خەڵکی ئاواییش نازانن چەن سەعات لەو کەلاوەیەدا ماوەتەوە.. تەنها ئەوەندە دەزانن، بە ڕێکەوت مناڵێ دەبینن، دەمی بەگوانی دێڵە سەگێکەوەیەو دەیچەکێنێ!! ئیدی خەڵکی ئاوایی لێی کۆدەبنەوە، دەیبەنە مزگەوت، لە حەوزە ئاوەکەیدا گڵاوی دەردەکەن!! پاشانیش دەیسپێرنە دەستی (حەمەشێت) پێی دەڵێن: هەرچی ئەرک و مەسروفاتیشی هەیە لەسەر ماڵانی گوندەکەیە)).

لەلاپەڕە (١٠٩ - ١١٠)دا، مچە، لە ناخی خۆیدا بە(مۆنۆلۆگ) جارێکی دی دێتەوە سەر باسکردنی ڕووداوی دەرکردنەکەی و بە گرێکوێرەی سەردڵی دادەنێت و دەڵێت:

((منیش لەباتی ئەو بام، لەوکات و شوێنەی ئەودا، هەرهەمان ئەو ڕەفتارانەم دەکرد کە باوکم کردوونی تەنها یەک ڕەفتاری نەبێ، ئەویش تا لەژیاندابوو کەمتر ئەو ڕەفتارەیم وەبیری خۆم دەهێنایەوە، کەمتریش ڕووبەڕوو و ڕاستەوڕاست لە خۆمم دەپرسی، تا لە سەرئەنجامدا حوکم لەسەر ئەو ڕەفتارەی باوکم بدەم ڕەفتارەکەیشی گەلێ نهێنی ئامێزبوو، تا ئێستاش وەک گرێیەک لەدڵمایەو دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا، پێ بەجەرگی خۆما بنێم، بێ شەرم و ترس، پرسیاری لێ بکەم، تا لەدەمی خۆیەوە وەڵامێک ببیستم، داخەکەم باوکم نەما، پرسیارەکەیش بووە گرێکوێرەیەکی سەر دڵم.. نەمزانی بۆچی باوکم دەریکردم، لەسەرچی بوو، تۆ بڵێی ئەو پیاوە بەو هەموو تەجرەبە تێروتەسەلە ئینسانییەی خۆی ئەوەندە بێ ڕەحم و ویژدان بووبێ؟ یا شتێکی دیی ئەوتۆی قورس و گرنگ، پەیوەست بە ڕەوشت و بۆچوونی خۆی، ئەم کارەی پێ کردبێ؟ من شیرە خۆرەبووم دەرکرام، پێم وانییە چ گوناهێکم هەبووبێ)).

لێرەدا، مچەی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، پەنای بردووەتە بەر تەکنیکی مۆنۆلۆگ بۆ ئەوەی باسی باری دەروونی خۆی بکات، پاش تێپەڕبوونی چەندان ساڵ بەسەر ڕووداوی دەرکردنەکەی و پاش ئەوەی باوکی دەیگێڕێتەوە لای خۆی و سەرلەنوێ پێوەندی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و چەند ساڵێک پێکەوە دەژین و دەبنە هاوسەنگەری یەکتر تا ئەو کاتەی باوکی شەهید دەبێت.

ئەم مۆنۆلۆگە بە میکانیزمی بیرهێنانەوە ئەنجام دراوە. باسی بەشێک لە یادگارییە تاڵەکانی مچە دەکات و پێوەندی بە ژیانی منداڵیی ئەوەوە هەیە، ئەگەرچی کاریگەرییەکانی لە ساڵانی دیکەی تەمەنیدا بەردەوام بووە، ((یادگاریش دۆخێکی ئاڵۆزی هەیە، پێوەندی بەدوو ماوەی

جیاوازی ڕابوردووی ئەو بەسەرهاتانەی کە بیردەهێنرێنەوە و ڕابوردووی کاتی بیرهێنانەوەکە، چونکە ئەگەر ڕۆمانەکە چەند ڕووداوێک بگێڕێتەوە کە لە ڕابوردوودا ڕوویان داوە، ئەوە ئەو شتە بەشێوەیەکی سەرەکی بە میکانیزمی بیرهێنانەوە ئەنجام دەدات...)) (فوتییة، الیزابیت: ٢٠٠٨، ص٢٢).

هەروەها مچە ڕووداوی دەرکردنەکەی جارێکی دیکە لە ناخی خۆیدا بە تەکنیکی پاشخەری دووبارە دەکاتەوە و ئەم جارە دەیەوێ لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بکات و دەڵێت: {(حەمەشێت)ی خاڵم وەک باسی دەکەن، هەر لە منداڵییەوە شێتۆکە بوو، بشێ شێتایەتی نەخۆشییەکی ویراسی خانەوادەکەیان نەبووبێ، دایکیشم گیرۆدەی هەمان نەخۆشی نەبووبێ، باوکیشم بەئازاری ئەو نەخۆشییەی دایکم تلابێتەوە، منیشی هەر بەهەمان ڕەچەڵەک لەقەڵەم دابێ... گەر واش بووبێ، خۆ ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی منی شیرەخۆر دەرکرێم..} (موکری، محەمەد: ٢٠٠٥، ل١١٤).

ئەم پاشخەرییانە لەگێڕانەوەدا هەندێک ئەرکی گرنگ دەگێڕن، کە یەکێک لەوانە بیرخستنەوەیە، ((بیرخستنەوەی ڕووداوەکانی پێشترە، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو پێدراوە نوێیانەی لە ڕووداوەکانی دواتردا هاتوون، ڕاڤەیەکی نوێیان بۆ بکرێت (المرزوقي، سمیر وجمیل شاکر: ١٩٨٦، ص٧٩). لێرەشدا، مچە، بەهۆی پەرەسەندنی پێوەندی نێوان خۆی و باوکی، هەروەها بەهۆی ئازایەتی و گیانی خەباتگێڕی باوکییەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی قارەمانانە شەهید دەبێ، دەیەوێ لە ناخی خۆیدا بێ دەنگ هەڵبڕین لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ ڕووداوی دەرکردنەکەی بکات و بە نەخۆشی شێتی خاڵییەوەببەستێ کە لەوانەیە بە گوێرەی قسەکانی مچە ئەو بنەماڵەیە بە شێوەیەکی بۆماوەیی هەموو شێت بن و دایکی ئەمیش هەمان نەخۆشیی هەبووبێت، بۆیە پاش مردنی ئەو، حاجی محێدین لەوە ترساوە مچەش شێت دەربچێت. لەگەڵ ئەوەشدا دواتر ئەم، بەو لێکدانەوەیە ڕازی نابێت، چونکە باوکی لەکاتێکدا ئەمی دەرکردووە کە منداڵێکی شیرەخۆر بووە.

بەگوێرەی ئەوەی باسمان کرد دەبینین ئەم ڕووداوە کە چەندان جار دووپاتکراوەتەوە، هەر جارە و بە شێوە و شێوازێک خراوەتە نێو دەقەکەوە. یەکەم جار بە کورتی پاش ئەوەی مچە ناوی خۆی و پیشەی باوکی و ژینگەی ڕووداوەکەمان پێ دەناسێنێت، ئەوسا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات. دوای ئەوە خاڵە حەمە بۆ ڕیسواکردنی حاجی محێدین، باسی بێویژدانی ئەو کارەکتەرە دەکات و دەیەوێت بەباسکردنی کرداری دەرکردنی کوڕەکەی لەناو خەڵکیدا بەدناوی بکات، پاشان مچە لە زاری خەڵکی دێوە باسی چۆنێتی دەرکردن و دیتنەوەی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوسا بە تەکنیکی مۆنۆلۆگ و دواتر بە تەکنیکی پاشخەری کە هەردووکیان پشت بە بیرهێنانەوە دەبەستن، جارێکی دیکە ئەم ڕووداوەی باس کردووەتەوە، بەم جۆرەش زەمەنی بەرەوپێشچوونی گێڕانەوە، چەند جارێک ڕاگیراوە، هەروەها لە زەینی مچەدا ڕابوردوو بە ئێستاوە گرێ دراوە و لەم خاڵەدا سەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە بەیەک گەیشتوون.

لەم ڕۆمانەدا، چەندان ڕووداوی دیکە بەرچاو دەکەون کە یەک جار ڕوویان داوە و چەندان جار گێڕانەوەیان بۆ کراوە، لەبەر کورتی

سنووری باسـەکە تەنیـا ئامـاژە بەنـاو و لاپـەڕەی هەندێکیـان دەکەیـن بـەم جـۆرەی خـوارەوە:

١- ڕووداوی شـەهیدبوونی حاجـی محێدیـن و شـێخە شـەل کـە یەکـەم جـار پێشـمەرگەیەک بـۆ مچـە و مەحمـوودی بـرای لـە لاپـەڕە (١٠٨و ١٠٩)ی گێڕاوەتـەوە. دووەم جاریـش لـە لاپـەڕە (١٥٣ و ١٥٤)دا لەلایـەن (جـوان)ی کچـی شـێخە شـەلەوە دووبارەکراوەتـەوە.

٢- ڕووداوی فڕاندنـی کچـە گەرمیانییەکـە لەلایـەن (حاجـی محێدین)ـەوە، کـە حەزیـان لەیـەک کـردووە و کەسـوکاری کچەکـە پێیـان نـەداوە. ئـەم ڕووداوە بووەتـە هـۆی کوشـتنی کچەکـە و بەسـەختی برینداربوونـی حاجـی لەلایـەن کەسـوکاری کچەکـەوە. ئـەم ڕووداوە لـە لاپـەڕە (٢٦ و ٢٧)، هەروەهـا لەلاپـەڕە (١١٢)دا دووبـارە بـاس کراوەتـەوە.

٤- ڕووداوی شـەهیدبوونی ئەحمـەدی زڕبـرای مچـە. ئـەم ڕووداوەش لەلاپـەڕە (٩٢ ، ٩٥ ، ٩٦، ٩٩، ١٠٢) دووبـارە بووەتـەوە.

٥- باسـی شـێتی خاڵـۆ حەمـە. ئـەم ڕووداوەش لەلاپـەڕە (١١ ، ١٢ ، ٥٢ ، ١١٤)...تـاد و دووپاتکراوەتـەوە.

٦- سـووتانی گونـد، ئـەم ڕووداوە لەدوو زەمەنی جیـاواز و یـەک شـوێندا، کـە ئەویـش کوردسـتانی عێراقـە، چەنـدان جـار ڕووی داوە. جـاری یەکـەم لـە سـەردەمی حـەرەس قەومییەکانـدا ڕووی داوە و لەلاپـەڕە (٢٠ ، ٢١) بـاس کـراوە، بـەڵام جـاری دووەم لـە پـاش نسـکۆی شـۆڕشـی ئەیلـوول ڕووی داوە و لـەم لاپەڕانـەدا: (٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ٤٦ ، ٥٠ ، ٥٦ ، ٦٠ ، ٦١ ، ٦٥ ، ١٠٤،...تـاد) دووپاتکراوەتـەوە.

**د / دووپاتکردنەوەی هاوچەشن**

ئـەم جـۆرە دووپاتکردنەوەیـە، دەکـرێ لـە هەمـوو ڕۆمانێکـی تەقلیـدی و نوێـدا بەرچـاو بکەوێـت. لـە چوارچێـوەی ئـەم تەکنیکـەدا هەرچـی نەریـت و ڕەفتـار و سـیفەت و خـوو و دیمـەن و ڕووداو و قسـەیەکی بـاو کـە ڕۆژانـە دووبـارە دەبنـەوە، دەخرێنـە بەرچـاو.

بـۆ ئـەوەی ڕۆماننـووس، بـە دووبارەکردنەوەی ئەو شـتە باوانـە، درێژدادڕییەکـی بێزارکـەر نـەکات، پەنا دەباتـە بـەر چڕکردنەوەیـان لـە دەسـتەواژەیەکی وەک: ((هەمـوو جارێـک، گەلێـک جـار، زۆرجـار، هەمیشـە، هەمـوو ڕۆژێـک، هەمـوو شـەوێک و... تـاد). بـۆ خۆپاراسـتن لـە دووپاتکردنـەوەی ئـەو شـتە باوانـە، دەبینیـن ڕۆماننـووس ((لەڕێـی تـاک گوتارێکـەوە کـە یەکجـار چەنـد ڕووداوێکـی هاوشـێوە، یـان هاوچەشـن، دەگێڕێتەوە)) (یقطین، سـعید: ١٩٩٧، ص٧٨) خـۆی لـەو گرفتـە ڕزگار دەکات.

کاتێـک ڕۆماننـووس دەیەوێـت زەمەنـی گێڕانـەوە چڕبکاتـەوە و ڕێ نـەدات ئـەو زەمەنـە لـەوە زیاتـر درێژببێتـەوە کـە خـۆی دەیخوازێـت، ئـەو کاتـە پەنـا دەباتـە بـەر دووپاتکردنـەوەی هاوچەشـن و ڕووداوە بـاوەکان ((لـە پرۆسـەی گێڕانـەوەدا بـە چەنـد ڕسـتەیەک، یـان کۆپلەیـەک، یـان دەسـتەواژەیەک، کـورت دەکاتـەوە، ئەمـەش لـە ڕۆمانـدا پێوەنـدی بـە ڕووداوە هاوچەشـنەکانەوە هەیـە و بریتییـە لـەو ڕووداوە باوانـەی کـە خـود هەمـوو ڕۆژێ و هەمـوو هەفتەیـەک و هەمـوو ئێوارەیـەک پێیـدا تێپەڕیوە...)) (مبـروک، مـراد عبدالرحمن: ١٩٩٨، ص١٤٦)، کەواتـە دەکـرێ بڵێیـن ڕۆماننـووس ئـەو کاتـە تەکنیکـی دووپاتکردنـەوەی هاوچەشـن بەکاردەهێنێـت کـە دەیەوێـت خـۆی لەدووبارەکردنـەوەی ڕووداوی ئاسـایی و نەریتـی لابـدات کـە (تـۆدۆرۆف) پێـی دەڵـێ: گێڕانـەوەی دانراو(العانـي، شـجاع مسـلم: ١٩٩٤، ص٦٤).

ئەم جۆرە دووپاتكردنەوەیە زیاتر لە هەموو جۆرەكانی دیكە، لە ڕۆمانی (تۆڵە) ی (محەمەد موكری)دا بەكارهێنراوە، تەنانەت جاری وا هەیە لەیەک لاپەڕەدا چەند جارێک دووبارەبووەتەوە. بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩)دا نزیكەی سێ جار دووپاتكرنەوەی هاوچەشنمان بەرچاو دەكەوێ. لە یەكەمیاندا مچە لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((من خەڵكی ئەو دێیەم، ناوم مستەفایە و زۆرجاریش پێم دەڵێن (مچە)...)). لە دووەمیاندا مچە لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((باوكم یەكێ بوو لەو جووتیارانەی ساڵی یەک دوو جار هاتوچۆی شاری دەكرد...)).

لەسێیەمیاندا هەر مچە لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((باوكم هەژارێكی تڕزلی نەخوێنەوار بوو، كەس نازانێ چۆن، یان كێ فێری ئەوەی كردبوو بتوانێ ناوی خۆی بنووسێ، شەش حەوت دەقیقەی پێ دەچوو تا ناوەكەی خۆی دەنەخشاند، وەک ئەوەی كارێكی گەورەی كردبێ، نووسینەكەی نمایشی (پێشانی) خوێنەران دەدا، خۆیشی لێی ڕادەما، جار جارەش دەیووت: (پەكوو ناوەكەم چەند قورسە:)). لەم سێ نموونەدا، دووپاتكردنەوە هاوچەشنەكە بەدەستەواژەی: (زۆرجار، یەک دوو جار، جار جارە)، دیاری كراوە. یەكەمیان بۆ دووپاتكردنەوەی ناوی مچە و دووەمیان بۆ دووپاتكردنەوەی سەفەرەكانی حاجی بۆ شار و سێیەمیان بۆ دووپاتكردنەوەی سەرسامیی حاجی لە قورسی ناوەكەی بەكارهاتووە.

لە هەندێک شوێندا، دەستەواژەی (لە هەموو)، یان (هەركەسێ) بەكارهاتووە، بۆ ئەوەی بە كورتی و چڕی و بەیەک جار ئەو نەریت و ڕەفتارە باوانە باس بكات كە زۆرجار حاجی محێدین دەینواندن. بۆ نموونە: مچە سەبارەت بە نەریت و ڕەفتارە دزێوەكانی باوكی لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((باوكم هەژارێكی تڕزلی نەخوێنەواربوو، كەچی خۆی بەزانایەكی زل دەزانی، پێی وابوو سەری لە هەموو عیلم و علومێک دەردەچێ، گەلێ شارەزا و پسپۆرە، پێویست دەكات راوێژی پێ بكرێت.. لە هەموو باسوخواسێک خۆی تێ هەڵدەقورتاند گەر عەقڵی هەر شتێكی نەبردبا، بێ سێ و دوو، بەرانبەر بە هەر كەسێ با دەیوت: (نەخێر... وانییە تۆ نازانێ)) (موكری، محەمەد: ٢٠٠٥، ل٩- ١٠). ئەو دوو دەستەواژەیە، واتە (لە هەموو، بەهەر كەسێ) ئەوە پیشان دەدەن كە حاجی لە ژیانی ڕۆژانەیدا، چەندان جار خۆی تێهەڵقورتاندووە و بۆچوونی بەرانبەرەكانی ڕەت كردووەتەوە.

یەكێک لە ڕەفتارە باوەكانی حاجی ئەوە بوو كە چاوی بەكل دەڕشت و سمێڵی لە خەنە و وەسمە دەگرت. بۆ ئەوەی ڕۆماننووس هەموو جارێک باسی ئەم ڕەفتارە نەكاتەوە، دەستەواژەی (هەمیشە)ی بۆ كورتكردنەوە بەكارهێناوە و یەكجار لە ڕۆمانەكەدا باسی ئەو ڕەفتارەی كردووە و دەڵێت: ((ڕوخسارێكی پێكەنین ئامێزی هەبوو، ئەندامەكانی سەرو سەكوتی هیچیان لەگەڵ یەكدا نەدەگونجا: دوو چاوی ڕەش، برۆكانی هەند سفت و ئەستوور بوون، تەواو سێبەریان خستبووە سەر چاوە ڕەشەكانی كە هەمیشە بەكل دەیڕێژین و دەیوت: (سونەتە!) سمێڵەكەیشی لە چەشنی سمێڵی- هیتلەر، دادەنا، خەنە و وەسمە -یشی تێدەگرت..)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١٠).

خوێندنەوەی كۆپلەكە ئەوە پیشان دەدات كە دووپاتكردنەوەكە تەنیا كرداری چاوڕشتن و سمێڵ لەخەنە و وەسمە گرتنەكە ناگرێتەوە،

بەڵکوو دووبارەکردنەوەی گوتنی (سونەتە) کەش لەخۆ دەگرێت.

لە باسی شەڕێکی قورسی نێوان پێشمەرگە و سپای بەعس، دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، مچە لە ناخی خۆیدا باسی تێکشکانی ئەو سپایە دەکات و دەڵێت: {(ئەوان) یەک دوو جاری دیش وەخۆ کەوتنەوە و هێرشیان دەهێنا مەیتەکانیان ببەنەوە، کەچی هەر جارەو ئەوەندەی دیشیان لێ لنگەوقووچ دەکەوت، تا ئێوارەیەکی درەنگ ئەمە بەزمیان بوو...} (سەرچاوەی پێشوو: ل٩١). لێرەدا نووسەر بەدەستەواژەی (یەک دوو جار) و (تا ئێوارەیەکی درەنگ ئەمە بەزمیان بوو)، ئەوە پیشان دەدات کە نایەوێ هەموو جارێ ئەو هێرشکردنانەی سپای دوژمن باس بکاتەوە کە تا ئێوارەیەکی درەنگی خایاندووە و هەر جارێکیش شکستی هێناوە.

هەندێک جار (موکری)ی ڕۆماننووس، دەستەواژەی (جار جارێ) و (هەندێ جار)ی لەم ڕۆمانەدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بە کورتی و چڕی، ئاماژە بە هەندێک ڕووداو بکات کە بە شێوەیەکی ئاسایی و باو ڕوودەدەن، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر پەرەسەندنی ڕووداوە سەرەکییەکە و چارەنووسی کارەکتەرەکان هەبێت، بۆ نموونە مچە لە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((ئەو ساڵە، زستانەکە گەلێ سەخت بوو... بە گشتی وەزعی پێشمەرگەیش هەندێ کش و مات بوو، جار جارێ نەبێ کە پێشمەرگەکان ڕوویان لە هەندێ ڕەبیە دەکرد، هەندێ جاریش بۆسەیان دەنایەوە...)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١٠٤). بە گوێرەی ئەم کۆپلەیە بۆمان دەردەکەوێت بە هۆی سەرمای سەختی زستانەوە، چالاکی پێشمەرگە سست بووە و بێجگە لە لێدانی هەندێ ڕەبیە، کە ئەویش جار جارێ ڕوویداوە، یان بۆسەنانەوە بۆ هەندێ کاروانی سەربازی، چ چالاکییەکی گەورەیان ئەنجام نەداوە. لەبەر ئەوەی ئەو کارانەش بە شێوەیەکی باو دووبارە بوونەتەوە، بۆیە ڕۆماننووس بە پێویستی نەزانیوە هەموویان باس بکات و تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشنی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە دوو ڕستەی کورتدا بیخاتە ناو دەقەکەوە.

دوای شەهیدبوونی (حاجی محێدین)، پێوەندییەکی بەهێزتر لەنێوان مچە و مەحموودی زڕبرایدا دروست دەبێ و بێ یەکتر هەڵناکەن، تەنانەت لە دابەشبوون و حەراسەتیشدا هەر پێکەوە دەبن، لەبەر ئەوەی ئەم کردارەش لەژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس لە ڕێی تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشنەوە، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (گەلێ جار) تەعبیری لێ کردووە و بەیەک جار خستوویەتییە ڕوو. سەبارەت بەو دۆخە مچە لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

((خۆشەویستییەکی پتەوتر لەنێوان من و مەحموودی برامدا، گەشەی دەسەند.. بێ یەکدی ئیدارەمان نەدەکرد، تەنانەت لە تەوزیع بوونیشیدا بۆ یەک ماڵ دەچووین، گەلێ جار لە نۆبەی حەراسەتی مندا، ئەویش بێدار دەبوو، منیش لە حەراسەتی ئەودا، ئێشکم دەگرت...)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١١٦).

لەبەر ئەوەی مەحموودی زڕبرای مچە کەسیکی ڕۆشنبیر و زیرەک و لێهاتوو بووە، لە ئامر کەرتەوە دەکرێتە سەرتیپ و لەکاتی پشوودا ڕێنمایی پێشمەرگەکان دەکات و باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە ژیانی پێشمەرگایەتی وەک زانکۆ وایە، فێری ماناکانی سەربەستیمان دەکات. ئەم جۆرە دانیشتن و گفتوگۆیانە

چەندان جار لە ئاستی حیکایەتدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام (موکری)ی ڕۆماننووس لەڕێی زەینی مچەوە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (چەن جارێ) باسی دەکات و دەڵێت: ((چەن جارێ مەحموودی برام بە پێشمەرگەکانی دەوت:

- بەڵێ ئەم ژیانەی ئێمە دانشگایە.. ئەم برسێتی و دەربەدەریەمان ئەلفوبێی وانەکانی سەربەستییە.. ئێمە لەم وەزع و حاڵەماندا چێژ لە هەردوو لایەنی وانەکان وەردەگرین، یەکەمیان وەک پیت و وشە زاخاوی مێشک و پەرە بە ڕۆشنبیری خۆمان دەدەین، دووهەمیش ناوەرۆک و مانای وشەکان بەو قەرارە حەقیقییە کە دەبێتە خوێنی ڕەفتارمان..)) (سەرچاوەی پێشوو: ل١١٧- ١١٨).

ئەم تەکنیکە (تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشن) لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت و لە گەلێک لاپەڕەدا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بە کورتی و بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

١- مچە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: گەلێ جار - بە تایبەتی لەجەژناندا- حەزم دەکرد بچمە ماڵی باوکم. (ل١٤).

٢- مچە لە ناخی خۆیدا دەڵێت: سەدان جار گوێم لێ بووە (هەرزەکارەکانی دێ بە حاجییان دەوت):

- ئێ حاجی چۆن، چۆنی چوویت بۆ حەج؟ خۆش بوو، یان نا؟

باوکیشم وەک قەوان سەدبارەی دەکردەوە:

- بە قوڕم گرت.. ئای کە چەند دوورە، چ سەحرایەکە، یاخوا ئەوەی موسڵمانە ڕێی نەکەوێتە ئەوێ!.. خۆ هەموو هەر وەعارەوی نوێژدەکەن...)) .(ل١٥)

٣- حاجی زۆری پێ خۆش بووە ڕۆژێ دەیان جار باسی حەرەس قەومییەکە بۆ گەنجەکانی دێ بکات. (ل١٧)

٤- حاجی جار جارێ باسی سەنگەر لێدان و ڕێی کشانەوەی کردووە. (ل٣٩)

٥- حاجی لەسەر یەک وتوویەتی: ((فیشەکی زەرد بۆ ڕۆژی ڕەش)). (ل٤١).

٦- مچە لە دڵی خۆیدا دەربارەی حاجی باوکی دەڵێت: ((جار جارەش بۆ یەک دوو ڕۆژێ گوم دەبوو، لەو سەرەوە بە کۆڵێ فیشەک و ڕومانەوە دەهاتەوە)). (ل٤١)

٧- مچە لە ناخی خۆیدا ئەم قسانەی باوکی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: ((گەلێ جار باوکم دەیوت:

- کوڕ ئەو کوڕەیە لە تۆپباراندا جێی خۆی چۆڵ نەکات، بزمار ئاسا لەنێو سەنگەرەکەیدا خۆی دابکوتێ...)). (ل٨٩)

٨- مچە لە بارەی سۆز و بەزەیی سیروانی پێشمەرگە لە زەینی خۆیدا دەڵێت: ((گەلێ جار (سیروان)م دەبینی زۆر بەسۆز و بەزەییەوە لەگەڵ دیلە داگیرکەرەکاندا کە سیروان ناوی لێ نابوون (مقاشی دارینی دەستی داگیرکەری گەورەتر) ڕەفتاری دەکرد...)). (ل١٢٣)

٩- مچە لەناخی خۆیدا دەربارەی سۆزی عاشقانەی (ئازاد) بۆ تفەنگە قەناسەکەی دەڵێ: ((تەنانەت هەندێ جار دەیپێچایەوە بە جۆرە سۆزێکی عاشقانەوە دایدەژەند و چەوری دەکرد و پاکی دەکردەوە...)). (ل١٢٨)

١٠- مچە لە زەینی خۆیدا ئەم قسانەی حوسێنی پێشمەرگە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: ((حوسێن چەند جارێ دەیوت:

- پێویستی من، بە لەتێ نان، پەنا بەردێ، سروشتێکی کێوی، دەوروبەرێکی خاوێن و

دڵێكی سافە.. ئەمانە بەلای منەوە كەرەسەی بەهەشتی هەمیشەیی دەروونن،...)). (ل١٣١)

## ئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوە و چەندان جاری پێداچوونەوەی ئەم ڕۆمانە بۆمان دەركەوت كە :

١- ئەم ڕۆمانە چوار جۆرە پێوەندی دووپاتكردنەوەی لەخۆ گرتووە:

ا- دووپاتكردنەوەی تاك كە كەمترین ڕێژەی وەرگرتووە و بەدەگمەن لە ژمارەی پەنجەكانی دەست تێپەڕ دەكات.

ب - دووپاتكردنەوەی یەكسان كە هەتا ڕادەیەكی كەم لە جۆری دووپاتكردنەوەی تاك زیاترە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات كە ژمارەی ڕووداوە دووبارەكراوەكان لە ئاستی حیكایەت و ئاستی گێڕانەوەدا وەك یەك دەركەوتوون.

ج - دووپاتكردنەوەی دووبارەكراوە: ژمارەی ئەو ڕووداوانەی كە بەم تەكنیكە خراونەتە نێو دەقەكەوە، لە هەردوو جۆرەكەی دیكە، زیاتر پەنای بۆ براوە، چونكە ڕۆماننووس ویستوویەتی لە ڕێی بەكارهێنانی ئەم تەكنیكەوە زەمەنی ڕابوردوو، بەزەمەنی ئێستاوە گرێ بدات، هەروەها كۆتایی و سەرەتای ڕووداوەكان بەم چەشنە پێوەندییە پێكەوە ببەستێت و شێوە گێڕانەوەیەكی بازنەیی بە ڕۆمانەكە ببەخشێت.

د - دووپاتكردنەوەی هاوچەشن: ژمارەی ئەو ڕووداوانەی كە بەم تەكنیكە پێشكەش كراون، گەلێك زۆرترن لەو ڕووداوانەی كە لە ڕێی تەكنیكەكانی دیكەوە خراونەتە بەرچاو و ڕۆماننووس هەوڵی داوە بە هۆی ئەم پێوەندییەوە خۆی لە درێژدادڕی و دووپاتكردنەوەی ڕووداو و كردارە باوەكانی ژیانی ڕۆژانە دووربخاتەوە و چڕی و كورتییەكی بەرچاو بە زمانی گێڕانەوەكە بدات.

٢- لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە، بە شێوازی شەپۆلی هۆش نووسراوە و زەمەنی مێژوویی ڕووداوەكانی لە پێنج سەعات زیاتر تێپەڕ ناكات، بۆیە گەلێك لە ڕووداوەكانی لە ڕێی تەكنیكی پاشخەری و پێشخەری و مۆنۆلۆگی دووپاتكراوەوە پێشكەش كراون.

٣ - زۆربەی جۆرەكانی دووپاتكردنەوە، بە شێوەیەكی ڕێژەیی، ڕێگرییان لە بەرەو پیشچوونی ڕووداوەكان كردووە و سستییەكی تەواویان بە زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە داوە.

٤- ئەو هەموو جۆرانەی دووپاتكردنەوە كە لەم ڕۆمانەدا بەكارهاتوون، بوونە بەهۆی دابەشبوونی پەیكەری حیكایەتە سەرەكییەكە لە نێوان ڕووداوە دووبارە بووەكاندا، ئەمەش وای كردووە كە تەونی گێڕانەوەكە ئاڵۆزبێت و خوێنەر ناچار بێت بەدوای پارچەكانی حیكایەتەكەدا بگەڕێ، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پەیكەرەكەی سازكاتەوە.

**لیستی سەرچاوەكان:**

**أ- بەزمانی كوردی:**


١- ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین: ٢٠٠٤، بینای كات لە سێ نموونەی ڕۆمانی كوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢- ڕۆژبەیانی، زاهیر: ١٩٩٧، چیرۆكی هونەریی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣- سابیر، پەرێز: ٢٠٠١، بینای هونەریی چیرۆكی كوردی لە سەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤- موكری، محەمەد: ٢٠٠٥، ڕۆمانی تۆڵە، چاپخانەی بینایی، چ٤، سلێمانی.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

١- بوتور، میشال: ١٩٨٢، بحوث في الرواية

الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط٢، سلسلة زدني علما، بيروت.
٢- بورنوف، رولان و ريال اوئيلية: ١٩٩١، عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
٣- بوقرة، نعمان: ٢٠٠٩، المصطلحات الأساسية في لسانيات النص وتحليل الخطاب، دراسة معجمية، جدارا للكتاب العالمي، ط١، عمان- الأردن.
٤- جنداري، إبراهيم: ٢٠٠١، الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
٥- جنيت، جيرار: ١٩٩٧، خطاب الحكاية، بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم وآخرون، الهيئة العامة للمطابع الاميرية، بلا مكان الطبع.
٦- خليل، إبراهيم: ٢٠١٠، بنية النص الروائي، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر.
٧- العاني، شجاع مسلم: ١٩٩٤، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، بناء السرد، ج١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٨- عبدالله، عدنان خالد: ١٩٨٦، النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
٩- عبيد، محمد صابر و سوسن البياتي: ٢٠٠٧، الكون الروائي، قراءة في الملحمة الروائية (الملهات الفلسطينية) لابراهيم نصرالله، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، بيروت.
١٠- عزام، محمد: ٢٠٠٥، شعرية الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
١١- العيد، يمنى: ١٩٩٠، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، ط١، بيروت.
١٢- فوتيية، اليزابيث: ٢٠٠٨، الابداع المعاصر في سوريا، ترجمة: د. ملكة ابيض، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.
١٣- مارتن، والاس: ١٩٩٨، نظريات السرد الحديثة، ترجمة: حياة جاسم محمد، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، بلا مكان الطبع.
١٤- مبروك، مراد عبدالرحمن: ١٩٩٨، بناء الزمن في الرواية العاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
١٥- المرزوقي، سمير وجميل شاكر: ١٩٨٦، مدخل الى نظرية القصة، مشروع نشر مشترك، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد والدار التونسية للنشر، تونس.
١٦- نجار، وليد: ١٩٨٥، قضايا السرد عند نجيب محفوظ، دار الكتاب اللبناني، ط١، بيروت.
١٧- يقطين، سعيد: ١٩٩٧، تحليل الخطاب الروائي، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، ط٣، بيروت و الدار البيضاء.
١٨- يوسف، امينة: ١٩٩٧، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، لاذقية- سوريا.

**ج- نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی:**

١- سەعید، جلال: ٢٠٠٦، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی -دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە (ئیبن روشد)، زانکۆی بەغدا.